# جینۆسایدی کولتووریی کورد
# بەر لە دروست بوونی دوڵەت ـ نەتەوە لە عێراقدا

د. کازیوە سالّح

ئەم بابەتە زۆر بە کورتی ئاماژە بە جینۆسایدی کولتووریی کورد
لە دوو قۆناغدا دەکات کە کەوتوونەتە پێش دروستبوونی دەوڵەتی
نەتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە تاکدەنگی بپارێزێت، ئەم بابەتە
میتۆلۆژیی فرەڕەهەند بەکار دەهێنێت و متمانە دەخاتە سەر
ڕاڤەکردنی دیسکۆرسی ڕەخنەگرانە و ئەو ئامرازانەی لیکۆڵینەوە
کە ڕەگیان لە مێژوو، سۆسیۆلۆژی و کولتوور و بابەتی لە پێشینە
نووسراودایە.

زۆرێــک لە نووســەرانی کــورد پێداگری لە ســەر لکاندنی جینۆســایدی کورد بە پاش دەوڵــەت ـ نەتــەوە، بە تایبــەت لە ١٩٦٠ەکان و سەرهەڵدانی حزبی بەعسەوە، دەکەن. جینۆســاید چەندین فۆرمی هەیە، ئەم بابەتە گفتوگــۆ لە ســەر جینۆســایدی کولتووری کورد، لە دوو ســەردەمی جیــاواز و دوور لە یــەک، لە عێراقدا دروســت دەکات. جەخت لە ســەر ئــەوە دەکات کــە کورد بــەراورد بــە نەتــەوە جینۆســایدکراوەکانی جیهــان بەر لــە جینۆســایدی فیزیکــی، ئەزموونی درێژخایەنترین جینۆســایدی کولتووریی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کردووە.

بۆ سەلماندنی ئەم گۆڤانە بابەتەکە متمانە دەخاتە ســەر ڕاڤەکردن و بەدواداچوونی ئەم تەوەرانە:

(ا) پێناســەی جینۆســایدی کولتــووری و، جینۆســایدی کولتووری لە بەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

(ب) جینۆسایدی کولتووریی کورد لە مێژووی کــۆن و بــەر لە دروســت بوونــی دەوڵەتی نەتەوە.

(پ) بــە فەرمــی چاندنــی جینۆســایدی کولتووریــی کورد لە عێراقدا لە ســەردەمی میرنشینی عەرەبدا


## کلیلە وشە

جینۆســایدی کولتووری، کورد وکوردستان، داگیرکاریی ئیســلام، ســەردەمی شانشینی عەرەبی، بەریتانیا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی.


## بەرایی

ڕینیــە تایگڵــەر (٢٠١١) جینۆســایدی کولتــووری بــە «خاپوورکردنی ئاســەواری خەڵک یان گرووپێک بە مەبەســتی سەربازی یــان سیاســی»[١] پێناســە ئــەکات. بەپێی دەستنووســە بڵاونەکراوەکانی ڕافایەڵ لەمکن (١٩٣٣)، جینۆســایدی کولتووری بریتییە لە لەناوبردنێکی سیستماتیکی کولتوور بە گشتی کــە پێک هاتــووە لە زمــان، داب و نەریت، پۆشاک، ئایین، هونەر، ئەدەب، پۆشاک، مێژوو، ئاســەوار،[٢] ســیمبولە بۆماوەییەکان و هەر پنــت و فاکتەرێک کە بەهای مرۆیی و نرخی کولتووریی گرووپی بە ئامانجکراو ببەخشێت و جێگیرکردنی کولتووری و داب و نەریتی بکەر یان جینۆسایدکار. ئەمە بۆ دۆخی کۆلۆنیالیزم/داگیرکارییــش هەر ڕاســتە. داگیرکار بەر لە هەر شتێک کولتووری خۆی ئەچەسپێنێت[٣]. کولتوور بەشێکی گرنگی گەشەسەندنی هزری وئاوەزی و مێژووی مرۆڤە، بۆیە لە زۆر ڕووەوە کارەسات و بەندە سیاسییەکان لە کولتوورەوە دەست پێ دەکەن.

دەستەواژەی جینۆسایدی کولتووری زیاتر لە میانەی باســە ئەکادیمی و یاســاییەکان ســەبارەت بــە (Indigenous people)، واتە هاووڵاتییــە ڕەســەنەکان، هاتە نێــو بیانووە سیاســییەکانی جینۆســایدی کولتــووری و لێکۆڵینەوەکانی جینۆسایدەوە.

پــاش چەنــد ســەدە جینۆســایدی هاووڵاتییانــی ڕەســەن، لە ســاڵی ســاڵی ١٩٩٤دا لە بڕگەی هەشت، جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی هاووڵاتیانی ڕەسەن، کە پێکهاتووە لە ٤٦ بڕگە یاسا و ٢٣ پارسا، بۆ یەکەمجار دەستەواژەی جینۆسایدی کولتووریی بەکارهێنا بە بێ ئەوەی پێناسەی بــکات. بە چەند بڕگەیەک ئــەوە ئەخاتە ڕوو کە هاووڵاتییانی ڕەســەن بە تاک و کۆ مافی ئەوەیان هەیە ڕووبــەڕووی مردنی بە کۆمەڵ و جینۆســایدی کولتــووری نەکرێنەوە و ئەم کردارانەی خوارە یاساغ بکرێت[٨]:

(ا) هــەر کردارێک ئامانجی ئەوە بێت لە شــکۆی خەڵکێکی خاوەن تایبەتمەندی، یان لە بەهای کولتووری و شوناسنامەی نەژادییان دووریان بخاتەوە.

(ب) هــەر کردارێک ئامانجــی داماڵینی خاوەندارییەتییەکانیــان بێت (خاک، هەرێم و

سەرچاوەکانیان).

(پ) هەموو شێوازێکی ڕاگواستنی خەڵک کە ئەبێت بە هۆی کاریگەری دروستکردن یان پێشێلکردنی مافەکانیان.

(ت) هەموو فۆرمێکی هەرەسکردن و تواندنەوە ( قووتدان و لەناوبردنی کولتوورێک لە لایەن گەلێکی ترەوە) تێکەڵاوکردن یان لێکدانی لە لایەن کولتوورێکی دیکەوە، یان بە هۆی بەڕێوەبردنی تەشریعی وسیاسای دەوڵەتییەوە.

(ج) هەموو جۆرە پرۆپاگەندەیەک کە ڕاستەوخۆ دژایەتییان بکات.

گەرچی ئەوان هەمیشە لە ژێر دەستی داگیرکەرەکەیاندا بوون، هەرگیز حکومەتی سەربەخۆ و ئازادی نەبووە، سەروو سێسەد ساڵە لە ژێر پرۆگرامی هەرەسکردن، توانەوە و لە قاڵبدانی کولتووریدان، لای سەرکردایەتیی خێڵەکیان ٩٢ ساڵ بوو بیرۆکەی جێگیرکردنی مافەکانی هاووڵاتیی ڕەسەن و ناوانی کێشەکانیان هەبوو. (دیار نییە باسی کێ دەکات. ئەوان کێن؟)

لای مافناس و پسۆڕانیان ٢٥ ساڵ تێکۆشانیان بۆ کرد هەتا بە سەر گەورەترین زلهێزی دنیادا سەرکەوتن و مافەکانیان جێگیرکرد[١٢].

کورد سی ساڵە پرۆسەی سەربەخۆیی بەڕێوە ئەبات و وەزارەتی تایبەتی بە پرسی جینۆساید دروست کردووە، هەتا ئێستا پسپۆڕی تەواو لەم بوارەدا بوونی نییە و لە زۆر ڕووشەوە پسپۆڕانە مامەڵەی لە گەڵ نەکراوە. نەک هاووڵاتییە ئاساییەکە، ژمارەیەکی زۆری چالاکان و کاربەدەستانی ئەم بوارە، لە دواندا، جگە لە جینۆسایدی جەستەیی، لە جۆرەکانی دیکەی جینۆساید بێ ئاگان. دروستبوونی ئەم قەیرانی تێگەیشتن و جێگیرنەکردنی مافی قوربانیانی کورد زۆرن و پێویستە سەربەخۆ توێژنیەوەی لە سەر ئەنجام بدرێت. ئەم بابەتە زۆر بە کورتی ئاماژە بە جینۆسایدی کولتووریی کورد لە دوو قۆناغدا دەکات کە کەوتوونەتە پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە تاکدەنگی بپارێزێت، ئەم بابەتە میتۆلۆژیی فرەڕەهەند بەکار دەهێنێت و متمانە دەخاتە سەر ڕاڤەکردنی دیسکۆرسی ڕەخنەگرانە و ئەو ئامرازانەی لیکۆڵینەوە کە ڕەگیان لە مێژوو، سۆسیۆلۆژی و کولتوور و بابەتی لە پێشینە نووسراودایە.

## جینۆسایدی کولتووریی کورد بەر لە دروستبوونی دەوڵەت ـ نەتەوە

لە پاش دروستبوونی دەوڵەت ـ نەتەوەوە باس لە چەمکی جینۆساید و کاریگەرییەکانی ئەکرێت. ئەمە هەندێکی بەو هەڵەیەدا بردووە کە پێیان وابێت چەمکی جینۆساید تەنها بۆ تاوانەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە ئەبێت . تورک و تورکیاش بۆ سەدەیەک بەرانبەر بە ئەرمەنییەکان ئەم بۆچوونەیان بە کارهێنا بۆ ئەوەی جینۆسایدی تورک دژی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥، بە جینۆساید نەناسرێت[١٣] . ڕاستە کاتێک پلانی دەوڵەت ـ نەتەوە هاتە ئاراوە، هۆشیاریی ماف و پاراستنی سنوور و شوناسنامەی نەتەوەییش لای مرۆڤ دروست بوو. بەڵام جینۆساید لەگەڵ بوونی داگیرکاری/ کۆلۆنیالیزم بوونی هەبوو. لە دەیەی نوێدا پسپۆڕانی جینۆساید، بە تایبەت پسپۆڕانی بواری هاووڵاتیی ڕەسەن، بە دەیان شێوە پەیوەندیی جینۆساید و پرۆسەی داگیرکاری بە جینۆسایدەوە گرێ ئەدەن[١٤] کەواتە لەوەتەی داگیرکاری هەبووە جینۆسایدیش هەیە، کوردیش وەکوو نەتەوەیەکی لەمێژە داگیرکراو، لە مێژووی کۆنەوە لە هەموو پرۆسەیەکی داگیرکاریدا جینۆسایدکراوە. ئەم بابەتە بە هۆی نەبوونی سەرچاوەی دروست، داگیرکاریی عوسمانییەکان هەڵئەبوێرێت و تەنها بە کورتی باس لە جینۆسایدی کولتوریی کورد لە سەردەمی ئیسلامدا ئەکات.

## جینۆسایدی کولتووریی کورد لە سەردەمی ئیسلامدا

یەکێک لە خراپ تێگەیشتنەکانی کورد ئەوەیە کە ئایین لە کولتوور جیا دەکاتەوە و وەکوو کایەیەکی سەربەخۆ سەیری دەکات. ئەمەش لە بەر ئەوەی تا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتدا پرۆژەی توێژینەوەی کولتووری نییە و هێشتا وەکوو سەردەمی ١٩٦٠ـەکانی سەدەی ڕابردوو بەر لە بوونی قوتابخانەی فرانکفۆرت، کورد لە کولتوور تێدەگات، کە کورت کرابووەوە بۆ گۆرانی و خواردن و پۆشاک. لە ڕاستیدا کولتوور چەترێکە و هەموو بوارە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژیارییەکانیش، تەلەکانی ژێر ئەم چەترەن، لە لایەک خۆیان لە ژێر بەرگی چەترەکەدا حەشارداوە، لە لایەک بوون بە کۆڵەکەی بەرگە گرتنی چەترەکە ڕووبەڕووی با و بۆران. واتە کولتوور بوارێکە پێکهاتە و ڕۆنانی بواری ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەکات و ئەو سێ بوارەش ڕۆنانی کولتوور بە شێوەی جیاواز دەکەن.

یەکەم جینۆسایدی کورد بە گشتی لە ئیسلامەوە دەستی پێ کردووە. دوا جینۆسایدیشی تا ئێستا ئیسلام ئەنجامی داوە. دیارە ئیسلام لەگەڵ داگیرکردنی خاکی کورددا، جینۆسایدی جەستەییشی ئەنجامداوە کە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە نییە. جینۆسایدی کولتووریی کورد لە سەردەمی داگیرکاریی ئیسلامەوە بە سێ شێوازی ئایینی، زمانەوانی و کۆمەڵایەتی سەپێنراوە[١٥]. کورد لە مێژووی بەر لە ئیسلامیشدا ڕووبەڕووی شەڕ و توندوتیژی بووەتەوە، بەڵام پێناسەی شەڕ جیاوازە لەگەڵ شەڕدا. شەڕی نێوان هۆز و ئەو شەڕانەی بەمەبەستی لەناوبردنی نەتەوەیی و جینۆسایدی کولتووری ئەنجام نەدراون، تەنها دەچنە خانەی شەڕەوە نەک جینۆساید. بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە، فتووحاتی ئیسلامی بە هەموو مەرجەکانی جینۆساید مامەڵەی لە گەڵ کورد کردووە.

لە دەستنووسە بڵاونەکراوەکانیدا، لەمکن (١٩٣٣) جەخت لە سەر جینۆسایدی کولتووری لە ڕێگای ئایینەوە ئەکات و پێی وایە بەشێکی جینۆسایدی کولتووری، جینۆسایدی ئایینیی گرووپی ئامانجکراوە، لە ڕێگەی: ڕێگەگرتنی بەکارهێنانی زمانی دایک لە پەیڕەوی ئایینیدا، لە ناوبردنی ئەو کتێب و نووسراو و کۆڕاسە دینییانەی بە زمانی نیشتمانی یان دایک نووسراون، خاپورکردنی شوێنگە و مێژوو و ئاسەوارە ئایینییەکان و گۆڕینیان بە شت یان ئایینی دیکە؛ لەناوبردنی ئەو بەڵگەنامە و شمەکانەی کە بەهای نیشتمانی، مێژوویی و دینییان هەیە. خاپوورکردنی ئەو شمەکانەی لە زەپۆشی و کولتووری جێبەجێکردنی ئایینیدا بەکار هێنراون[١٦]. ئەم بەشەی بابەتەکەی لەمکن بە هۆی پەسند نەکردنی کۆمەڵێک لە وڵاتانی مەسیحی لە برگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێگەی نەکرایەوە[١٧]، چون ئەو هێزەی لەگەڵ سیاسیدا جینۆسایدی هاووڵاتیانی ڕەسەنی جێبەجێ کرد، منداڵانی لە دایک و باوکیان کرد و لە قوتابخانەی کەنیسەدا لە کولتوور و ئایینی داگیرکەردا تواندنیەوە و گەورەی کردن، دیسان کەنیسە بوو. بە هەمان شێوە ئاینی ئیسلام هەنگاو بە هەنگاو لە مێژووی جینۆسایددا لە ڕۆژهەڵات و جینۆسایدی کورد بە تایبەت ڕۆڵی بینیوە و ئەو خاپوورکاریانەی لەمکن ئاماژەی پێ کردوون، هێناویەتە سەر خاک و نێو کۆمەڵگەی کوردی.

سەبارەت بە داگیردنی ئایینی، ڕۆژهەڵاتناس و ئەتنرۆپۆلۆجیست، لۆرا ڤێچە ڤاگلێری (١٩٧٧) ئەڵێت کورد هاوشانی خەڵکانی دیکەی میزۆپۆتامیا، لە ساڵی ٦٣٣ بۆ ٦٥١ دژی داگیرکاریی ئیسلام و بە موسڵمانکردنی بە زۆری شمشێر، جەنگاوە.[١٨] بەڵام دواجار ئیسلام توانیویەتی سەربکەوێت و

خەڵکی ناوچەکەش هەموو ببن بە موسڵمان، هەرچی ئاسەوار و بەڵگەنامە و کتێب و لایەنی مێژووی ئایینەکانی پێش خۆی و بە تایبەت ئایینــە کوردییەکانی ئێزیدی و زەردەشــتی خاپوور بکات و بگۆڕێت بە مێژووی خۆی[١٩]. بە پێی نووســینەکانی ئیبن ئەسیر (١٩٨٧)، تەبەری (١٩٨٩) و ئەس-ســالەبی (٢٠٠٧) پاش ئەم مێژووەش بە پێشــوایی عومەری کوڕی خەتاب، دووەم خەلیفەی موسڵمانان، کــە کوردی بە فرە خــواکان ناوزەد کردووە، لە ٦٤٣-٦٤٤ میلیشــیای خــۆی ناردووەتە میزۆپۆتامیــا بۆ هەڕەشــەکردن لــە کورد و فارس، ئەوانەی هێشتا موسڵمان نەبوون یان ببن بە موســڵمان و ماڵ و مڵکیان بپارێزن، بە مەرجێــک باجەکەی بــدەن بە عومەری کوڕی موختار؛ یان ســەریان بە شمشێر لێ بکەنەوە [٢٠]. ســەرۆکی میلیشیاکەی خەلیفە «موهاجر بن زیــاد» ئەبێــت، ئەڵێت: «خودا دوژمنانــی [ کــورد] تووشــی دۆڕان کرد، ســوپاس بۆ خودا، ئەمە ڕێگەی ئەوە لەگەڵ موســڵمانان» ( ٢٥٤)، پاشــان بــاس لەوە ئەکات چۆن جەنگاوەرەکانی، ماڵ و ســامانی هاووڵاتییــان و ژن و منداڵــی بــردوون و ئەڵێت: «یەک لە پێنجــی تالانییەکە لەگەڵ هەواڵــی ســەرکەوتندا، بۆ عومــەری کوڕی خەتاب نێردرا» (٢١، ٢٥٤). ئەمە یەکێکە لە ساکارترین نموونەکانی جینۆسایدی فیزیکی. گــەر لەم چەند دێڕە بنوارین، وێنەی هەمان سرووش و تەکنیکی جینۆسایدەکانی سەددام لە کاتی ئەنفال و داعش ئەکێشــێت. جگە لە جینۆسایدی جەســتەیی، بە تەنها ئەم بەشە بچووکەی ئەو مێژووە درێژە هەموو خاڵەکانی جینۆسایدی کولتووریی تێدا کۆبووەتەوە.

لێــرەوە کــورد ئایینی خۆی لەدەســت ئــەدات و ڕوو ئەکاتە ئایینی عــەرەب، ئیتر جینۆســایدی کولتووری ئاسان دەبێت. چون یەکێک لە گرنگترین توخمەکانی پاراســتنی کولتوور زمانە. ئایینیش یەکێکە لە بەهێزترین بیانووەکان بۆ توانەوە و لەناوبردنی زمان.

هەتا ئەمڕۆ لە هەر چوار وڵاتی داگیرکاری کوردســتان و کــورددا، ئایینی ئیســلام و زمانی قورئان کراوە بە بیانووی جینۆســایدی کولتووری بەگشــتی و جینۆســایدی زمانی کــوردی بەتایبەتی. ئــەوەی پەیوەندیی بەم سەردەمە مێژووییەوە هەیە ئەوەیە بۆ نموونە ئیمامی شافعی ئەڵێت زمانی عەرەبی زمانێکە لە لایەن خودای پەروەردگارەوە هەڵبژێردراوە قورئانــی پێ بێتــە خوارەوە، بۆیــە زمانێکی پیرۆزە و ئەبێت هەموو کەس بیزانێت[٢٢]. ئەی ئەگەر نەیزانی چی؟ لێرەدا شافعی نەیگوتووە پێویســتە، بەڵکو ئەڵێ «ئەبێــت» کە زمانی بەزۆری سەپاندنە. ئیبن تەمیمە ئەڵێت: «زمانی عەرەبــی پەیامی ئیســلام و خەڵکەکەیەتی، زمانیــش مەزنترین ســرووش و زەپۆشــی گەلانــە و بە هۆیەوە جیا ئەکرێنەوە[٢٣]. ئیبن تەمیمە باش لە گرنگیی زمان لە هیشتنەوە و تیابردنی گەڵیکدا تێگەیشتووە، لێرەوە ئەوان ئایینیان کردووە بە بیانوو بۆ ئەوەی عەرەب و زمانەکەی بە زیندوویی و بە مەزنی بهێڵنەوە و بە لاوازکردن و جینۆسایدکردنی زمانەکانی دی لە ناویاندا زمانی کوردی، وەکو زمانێکی پڕ هەژموون بیپارێزن.

سۆسیۆلۆجیست و فــــــەیلەسووفی فەرەنســی، پێر بۆردیــو (١٩٩٠)، پێی وایە کایە کۆمەڵایەتییــەکان و نەریتی مرۆڤیش، ڕۆنانــکار ورۆنانکراوە [٢٤]. مەبەســتی ئەوەیە چینایەتــی، ڕۆنانی تــاک و، تاکیش ڕۆنانی چینــە کۆمەڵایەتییــەکان ئــەکات. گرووپە کۆمەڵایەتییــەکان نادیدانە تێکــەڵاو بوون و نزیکــی لە گــەڵ چینی خۆیان دروســت دەکەن، هەندێ جار لەوانەیە بە مەبەستیش نەبێت[٢٥]. ئەمەش مانــای ئەوەیە چینایەتی پەیوەندییەکــی نەســتی دروســت ئەکات، کــە هێندە دەچێتە نێــو کولتوور و ڕەفتاری مرۆڤەوە، دەبێت بە خوو و نەریت یان ڕەوشت و بێ ئاگا بــە کردار دەینوێنێــت. لە ڕووی

زانستی سیاسیشەوە، پەیوەندیی نێوان زۆرینە و کەمینە، پەیوەندییەکی باڵا و نەوییە، کە دووەم لە بوونی یەکەمدا دەسڕدرێتەوە[٢٦]. لێرەوە هەر ئەو کاتە عەشیرەتە عەرەبەکان کە لەگەڵ هێزی ئیسلامدا هاتوونەتە ناوچەکە، تەنها ئایینەکەیان بە زۆر بە سەر کورددا نەسەپاندووە، بەڵکوو هەژموونی زمانەوانی و شوناسنامەی عەرەبیشیان لە ڕووی سیاسییەوە بە زۆری شمشێر و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە هەژموونی زۆرینە سەپاندووە[٢٧]. ناوی ناوچە و دێهات و هەندێ جار هۆزەکانی کوردیشیان کردووە بە عەرەبی[٢٨]. گۆڕینی دیموگرافیی کود لەم ساتەوە دەستی پێ کردووە نەک (وەکوو هەندێک باسی دەکەن) تەنها لە سەردەمی بەعس و تەعریبدا. هەندێ لە هۆزە کوردییە بچووکەکان لە نێو هۆزی گەورەی عەرەبیدا تواونەتەوە یان بۆ بە دەست هێنانی ئەو چێنە کۆمەلایەتییەی باس کرا، خۆیان لە نێو کولتووری ئەواندا تواندووەتەوە. واتە لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کورد ڕاهێنراوە کە لە شکۆ و تایبەتمەندی دوور بخرێتەوە، بە زۆر ڕابگوازرێت و لە ناو کولتووری گەورەتردا بتوێتەوە.

لەگەڵ ئەم پرۆسەی بەئیسلامکردن و لە مرۆڤایەتی داماڵینەدا، سەرەڕای ئەوەی سەلاحەددینی ئەیوبی ئیسلامی لە لەناوچوون پاراستووە، لە ڕابردوو و ئێستادا، لە باشترین دۆخدا داگیرکارانی خاک و ئایین و زمانی کوردی، یان بە دێو و جنۆکە یان موسڵمانی ساختە، کوردیان ناوزەد کردووە. لە میتۆلۆژیای عەرەبدا، وێنەی بەدگۆی کورد ئەکێشرێت، لە زمانی حەزرەتی سولەیمانەوە و ئەڵێت چەندین سەدە بەر لە ئێستە، حەزرەتی سولەیمان ٥٠٠ ڕۆحی جادووگەر و جنۆکەی، لە دیوانی خۆی بەروە مەنفا و چیاکانی زاگرۆس کردە دەرەوە ... ئەم جنۆکانە یەکەمجار فڕین بۆ ئەورووپا و لەوێ ٥٠٠ حۆریی جوانیان وەکوو بووکی خۆیان هەڵگرت و ڕۆیشتن لەو شوێنە نیشتەجێ بوون کە ئێستا بە کوردستان ناسراوە. ئەمانەن ڕەگەزی کورد[٢٩]. نەوە دوای نەوە ئەم میتۆلۆژییە چاپ ئەکرێت و ئەوترێتەوە، تەنانەت لە ٢٠١٥ دا لەو کاتەی کورد ڕووبەڕووی داعش ئەبووەوە، بانگخواز و کەسایەتیی ئایینیی عەرەب هەبوو بەتایبەت لە وڵاتانی کەنداو و میسرەوە، تەکنەلۆژیی بەکار ئەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە خەیاڵە؛ هاواریان ئەکرد خوا پەنامان بدات ئەزانن بۆچی کورد چاو شین و چاو سەوزیان زۆرە، ئەزانن ئەندۆ-ئەورووپی یانی چی؟. بە دوایدا ئەم چیرۆکەی سولەیمان ئەهات[٣٠]، بۆ ئەوەی لایەنی ئەورووپیی کورد ڕوون بکاتەوە و لەویشەوە بیانووی ڕوخساریان دەربخات. لە ڕابردوودا لەم ساڵانەی دواییشدا، تەنها بە جنۆکە و ڕۆحی پیس ناوزەدی نەکردووە بەڵکو دروشمی «لا الە الا اللە-الاکراد عدو اللە» (واتا هیچ خوایەکی کە نیە، یەک خودایە، کورد دژمنی خودایە) یان لە سەر شەقامەکان بەرزکردەوە و هوتافیان بۆ کێشا[٣١].

لەبەر ئەوە، دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵات، لە دارشتنەوەی ستراتیژیی سیاسی بۆ کەڵەکەکردنی دەسەڵاتی سیاسی، بە مەبەست وەکوو ئایدۆلۆژییەک سەیری ئایین ئەکەن. دیکتاتۆرییەتیش بە زۆری بە شێوەیەک ئایین ئەگونجێنێ کە پشتگیریی بە یاساییکردنی کردارە نایاساییەکانی بکات[٣٢].

لە باسکردنی جینۆسایدی کولتووریی فەرمی دەرئەکەوێت کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی عەرەب و دروستبوونی میرنشینەوە لە عێراقدا هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، هەمیشە ئیسلام، لە لایەن ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە، ئەکرێت بە بیانووی چاندنی جینۆسایدی کولتووری و جینۆسایدی زمانەوانیی کورد.

## جینۆســـایدی کولتووریی کـــورد لە سەردەمی میرنشینی عەرەبدا

لە ســـاڵی ١٩٢١دا بە دامەزراندنی شانشینی هاشـــمی کە هەتـــا ١٩٥٨ی خایاند، قۆناغی یەکـــەم داگیرکاری کۆتایی هات. لە ســـاڵی ١٩٢٠دا پەیوەردارانی بەریتانی بە پشتگیریی «تی ئی لۆرانس» ( لۆرانسی عەرەب) فەیسەڵی یەکەمیان کاندید کرد بۆ پاشـــایەتیی عێراق. لەگەڵ ئـــەوەی کوردی ویلایەتی موســـڵ و شێخی گەورەی بەسرە نارازی بوون بە کاندید کردنی، لە ١١-٠٧-١٩٢١داتاجی شـــاهانەی خرایە ســـەر[٣٣]. ئەنجومەنـــی پەیوەردارانی بەریتانیـــا پێیان وابوو ترســـی کورد بەرانبەر کـــرداری فەیســـەڵ بەوە کۆتایـــی دێت کە مەرجی بـــۆ دابنێن، بـــەوەی حکوومەتێکی پێوەشـــەن (دەســـتوری)، لیبراڵ و لە ڕووی یاساییەوە سنوردار بەڕیوە دەبات، کە لایەنی عەرەبیش بەم مەرجانە ڕازی بوون[٣٤]. بەڵام لە هەمان مانگی دەستبەکاربوونیدا، فەیسەڵ بانگهێشـــتی «ســـاطع الحصـــری» ( ١٨٨٠-١٩٦٨) دامەزرێنەری ناســـیۆنالیزمی عەرەبی نەژادپەرســـتانە کرد بۆ بەغـــداد و کردی بە بەڕێوەبەری گشـــتیی خوێنـــدن لە وەزارەتی خوێندنی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ بۆ ١٩٢٧[٣٥].

کاتێک ناوی «الحصـــری» دەکەوێتە هەر مەسەلەیەکەوە پێویستە دوو فاکتەر لەبەرچاو بگیرێـــت. **یەکەم:** ئـــەم کەســـە یەکێک لە خوێندەوارە باشـــەکانی ئـــەو کاتەی عەرەب بـــوو، لەو کاتەدا لـــە ئەڵمانیـــا خوێندبووی، ســـەرەتا کەوتبـــووە ژێـــر کاریگەریی هزری ڕۆمانســـیی ئەڵمانی و دواییش نازی[٣٦]. ئەم بیر و بۆچوونانە ئەهێنێتەوە بۆ ئمپراتۆریەتی عوسمانی. ماوەیەک خزمەتی ئەمانیش ئەکات و زۆر ئەکەوێتە ژێر کاریگەریی پرۆگرامەکانی ڕێکخـــراوی «لاوانی تورک» کە نازیســـتیان تێپەڕاندبوو، ئەو ڕێکخراوە بوو جینۆســـایدی ئەرمەنییەکانـــی ڕاگەیانـــد. «الحصـــری» کە ئەبینێت ناســـیۆنالیزمی تورکـــی لەوە نزیک ئەبێتـــەوە، هیـــچ بەهایەک بـــۆ کولتووری عەرەب و هێـــزی عـــەرەب نەهێڵێتەوە، بیر لەوە ئەکاتەوە بچێت بـــۆ جەزیرەی عەرەبی و لەوێ نەشـــنالیزمێکی عەرەبی هاوشـــێوە نەژادپەرەست دابمەزرێنێت کە کردی[٣٧].

**دوومم:** «الحصری» و فەیســـەڵ کەسیان عێراقـــی نەبـــوون، یەکەمیـــان یەمەنـــی و دووەمیان ســـعودی بوو، لە ســـەر خواستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و کاریگەریی ئەم دوانە لەســـەر ئەو بزووتنەوەیە کە ئەو کاتە هێشتا زۆر بەهێـــز نەبـــوو، بەڵام بەرەو تەشـــەنەی تیژ تێپەڕ ئەڕۆشـــتن و چەند هێرشـــێکیان کردبووە سەر بەریتانییەکان، ئەوانیش لەسەر خواستی ناســـیۆنالیزمی عەرەبی، فەیسەڵیان لە عێراق دانا، لە کاتێکدا هەر لە ســـەرەتاوە «الحصـــری» لە ســـوریا چەقی بەســـت[٣٨]. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت هەر لە ســـەرەتای دروســـت بوونیـــەوە یەکێک لە ترســـەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب کورد بووە و لەو کاتەوە بەرنامـــەی لەناوبردنی ئەم ترســـەی هەبووە. بۆیە جگە لەوەی هەموو جار ناســـیۆنالیزمی ســـەختی عەرەبی لـــەو دوو وڵاتەی کوردی تێدایە (سوریا و عێراق) دەستی پێ کردووە، بانگهێشتە دەستوبردەکەی فەیسەڵ و پاشان کارەکەی «الحصری» لە عێراق، ئەم گریمانەیە ئەکەن بە لۆژیک.

لـــە یەکـــەم ڕۆژی دەســـەڵاتداریەتیی عەرەبـــەوە لـــە عێراقـــدا، کـــورد ئەزموونی بـــە عەرەبکردنـــی زۆرەملـــێ ئـــەکات. بـــە عەرەبکردنیـــش واتە کرۆکیی جینۆســـایدی کولتووری، گەرچی کورد خۆی بەمە نازانێت. کاری «الحصری» لە عێراقدا بە جینۆســـایدی زمانەوانی دەستی پێ کرد. سەرەتا پرۆگرامی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بە زمانی عەرەبی لە نێو میتۆدی خوێندندا چاند، وانەکانی کە بەریتانیا خستبوویە میتۆدی خوێندنەوە و ڕەچاوی فرە کولتـــووری و نەژادیی عێراقی کردبوو، گۆڕی بۆ میتۆدێک لەگەڵ ئامانجی ناســـیۆنالیزمی

عەرەب گونجاو بێت[٣٩]. لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە، ئاڵنگاریی بۆ بەریتانیا دروست کردبوو. ئەفسەرانی بەریتانیا و کارمەندانی ڕاپۆرتیان دەربارە دەدا بە ئەنجومەنی باڵا، بۆ نموونە یەکێک لەو ڕاپۆرتانە لە لایەن کابتن فێرەڵ، ڕاوێژکاری خوێندنی باڵا لە عێراق نووسراوە و باس لەوە دەکات چۆن فەیسەڵ و «الحصری»، لە ڕێگەی چاندنی ناسیۆنالیزمیی عەرەبییەوە، ئامانج و بەرنامەکانی بەریتانیایان خستووەتە مەترسییەوە و هەوڵی لەباربردنەوەیان دا. بەڵام دواجار بە پشتگیریی ناسیۆنالیزمی عەرەب، «الحصری» بە سەر پلانەکانی بەریتانیادا سەر کەوت[٤٠].

بە دوایدا «الحصری» ئایدۆلۆژییە بەناوبانگەکەی خۆی سەبارەت بە بەعەرەبکردنی خستە بواری جێبەجێکردنەوە کە ئەڵێت: «هەر تاکێک بە عەرەبی قسەی کرد عەرەبە، هەر تاکێک لە وڵاتێکی عەرەبیدا نیشتەجێیە عەرەبە. ئەگەر کەسێک ئەمەی ڕەتکردەوە پێویستە بە دوای هۆکاردا بگەڕێین، لەوانەیە بە هۆی زیادەڕۆیی لە خۆویستیدا بێت، لەو دۆخەدا ئەبێت خۆویستییان سنوردار بکەین»[٤١]. گەر لە ئامانجی پشت ئەم چەند دێڕە بنوارین، سەرەتا بە جینۆسایدی کولتووری دەست پێ دەکات. مرۆڤێک گەر عەرەبیش نەبووە لە هەر کوێی جیهان کاتێک فێری عەرەبی بوو و زانی بە عەرەبی قسە بکات عەرەبە. سڕینەوەی تەواوی شوناسنامەی تاک، بە هۆی نەک تەنها باڵاکردن بەڵکوو پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی و توانەوە تێیدا وەکوو داپۆشەرێک بۆ هەمموو مێژوو، زمان و کولتوور و شوناسنامەی تاک. ئەگەر تاکێک لە وڵاتێکی عەرەبیدا ژیا، ئەگەر ئەو تاکە بێگانەیەک بوو لەوێ، گەر خاکەکەی لە لایەن عەرەبەوە داگیرکرابوو هەر عەرەبە. ئەگەر کەسێک ئەم نالۆژیکی و توانەوە و عەرەب بوونەی پەسەند نەبووە، پێویستە ڕووبەڕووی جینۆسایدی فیزیکی بکرێتەوە، «سنوور بۆ خۆویستی دابنرێت» واتە لە ناو ببرێت.

ئەو دێڕانەی «الحصری» تەواو هاوتایە لەگەڵ ئەوانەی سەدان ساڵ پێشتر لە لایەن ئیبن ئەسیر و تەبەری و خالیدی کوڕی وەلیدەوە وتراون. لەگەڵ یەک جیاوازیدا؛ ئەوەی «الحصری» هەستی ناسیۆنالیزمی بۆ سەرباری هەستە ئایینییەکە کردووە، واتە کاریگەرتریشە. لە کارەکانیشیدا ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت. بۆ نموونە، لە یادەوەرییەکانیدا دان بەوەدا دەنێت کە لە ژێر فشاری کۆمەڵەگەی نێودەوڵەتی لە سەر وەزارەتی خوێندن، پلانی دانا کە چەند قوتابخانەیەک لە ناوچە کوردییەکاندا بە زمانی کوردی بکرێنەوە. بە شانازییەوە باس لەوە ئەکات چۆن چوار کەسیەتیی ئاینی و لێهاتووی کوردی وەکوو لێژنەی زمانەوانی و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە دەستنیشان کرد. ئەڵێ دوایی توانیم بەو بیانووەی زمانی کوردی زمانێکی گونجاو نیە بۆ قورئان ودینی ئیسلام پرۆژەکە هەڵوەشێنمەوە[٤٢]. جەماڵ نەبەز (٢٠٠٥) ئەفەرموێت بیانووی ئایین جارێکی دی بەکار هێنرا بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی بە زۆر بە سەر کورددا بسەپێت و زمان و شوناسنامەی لەناو ببرێت[٤٣].

لە گەڵ ئەوەی ڕاپۆرتی پشکێنەرەکانی قوتابخانە، ساڵانە جەختیان لە سەر ئەوە کردووە کە چۆن سەپاندنی زمانی بێگانە و نەزانینی زمانی عەرەبی، کاریگەریی کردووەتە سەر خوێندکاران و ناتوانن لە وانەکاندا سەرکەوتوو بن، هەندێکیان باس لە ناچاربوونی بەجێهێشتنی خوێندن ئەکەن[٤٤]. ئەمەش کە برگە یاسای سێ لە جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی جێنۆساید بەرجەستە ئەکات «قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لە شوێنی گشتی و تایبەتدا»[٤٥]. ئەم برگەیاسایە زیاتر خۆی دەسەپێنێت کاتێک وەڵامی لایەنی عەرەبی ئەوە بووە

کە کورد خۆیان کەمتەرخەمن، دایک و باوکەکان پێویستە لە ماڵەوە بە عەرەبی قسە بکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێر ببن[۴۶]. واتە پاش ئەوەی جینۆسایدی کولتووریيان بردووەتە نێو بواری گشتی و دەزگاییيەوە و هەوڵی ئەوەیان داوە ببرێتە بواری تایبەتی و ئەتمۆسفێری خێزانیشەوە. ئەمەش ناکرێت بە پلانی رامیاری وەرنەگیرێت، چون بواری تایبەت فاکتەرێک بووە کە کورد لە رێگەیەوە کولتووری خۆی پاراستووە و لە خێزانەوە فێری زمانی کوردی بووە.

«الحصری» لە کتێبەکەیدا، «بۆچوون و گفتوگۆ سەبارەت بە ناسیۆنالیزم» (١٩٥٧) ئەنووسێت، هەر نەتەوەیەک زمانەکەی لەدەست بدات، ژیانیشی لەدەست ئەدات*[۴۷]. بۆیە کاتێک یەکەم بەرنامەی لە عێراقدا بە فەرمی چاندنی جینۆسایدی زمانی کوردی بوو، لە هۆشیاری و زانینەوە بوو، لەو هێزەی فۆکۆ بە پەیوەندیی نێوان هێز و زانست یان هۆشیاری بەرجەستەی ئەکات[۴۸] نەک تەنها لە هەستێکی نەژادیی کوێرانە. جینۆسایدی زمانەوانی، کورتترین و ئاسانترین رێگەیە بۆ لەناوبردنی نەبینراو و دۆکیۆمێنت نەکراوی کۆمەڵی ئامانجکراو، بە تایبەت ئەگەر ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیە، هۆشیاریی ئەرشیڤکردن و دۆکیۆمێنتکردنیان، وەکوو کورد لاواز بێت. رووداني ئەم جینۆسایدە و مانەوە و بەردەوامیی ئەم جینۆسایدە، دەیان هۆکاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی و کولتووریی لە ناوئاخندا هەڵگرتووە، کە باس کردنیان لە دەرەوەی توانای یەک بابەتە.

## دەرئەنجام

بە شێوەیەکی بەربڵاو دەبینین کورد کە باسی جینۆسایدەکانی خۆی دەکات، ئاماژە بە ساڵانی هەشتاکان دەکات، ئەویش لەبەر ئەوەی زیاتر لە فۆرمی جینۆسایدی جەستەیی تێدەگات. لە کاتێکدا کورد رووبەرووی درێژخایەنترین جینۆسایدی کولتووری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بووەتەوە. لە بەر ئەوەی شێوە، رێباز و هەژموونی داگیرکاری و جینۆساید هاوبەشن، لەگەڵ داگیرکاریدا جینۆسایدیش ئامادەییی هەیە. گەر جینۆسایدی جەستەیش نەبێت، هەمیشە جینۆسایدی کولتووری بەشێکە لە ئامانجی داگیرکار. بۆیە کورد بە بەڵگەوە لە سەردەمی داگیرکاریی ئیسلامەوە، جینۆسایدی کولتووری ئەزموون ئەکات، (گەرچی خۆشی پەسەندی کردبێت). هەر ئەو رێباز و تەکنیکانەی رێبەرانی ئیسلام بەکاریان هێناوە لە سەپاندنی جینۆسایددا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی پەرەی پێ داون و بەکاری هێناون بە سەربارکردنی هەستی نەتەوەچییەتی بۆ سەقامگیرکردنی جینۆسایدی کورد. بە تایبەت لە ژێر سایەی فەرمانڕەوایيی عێراقدا لە یەکەم مانگی فەرمانڕەوایی عەرەب لە ساڵی ١٩٢١ و سەردەمی شانشینی، ناسیونالیزمی عەرەبیدا، بە فەرمی، لە نێو دەزگاکانی میریدا، لە لایەن «ساطع الحصری» و فەیسەڵی یەکەمەوە جینۆسایدی کولتووریی کورد دارێژراوە. بەو نیازەی هەر نەتەوە و گرووپێک لە رووی سایکۆلۆژی و کولتووریيەوە داگیر کرا، ئیتر داگیرکردنی گشتی و جینۆسایدی هەمیشەیی ئاسان و مسۆگەرە.

## سەرچاوەکان

1- Salih, Kaziwa, Genocide Culture: From Everyday Cultural Doxa and Ethnic Engineering to Genocide of Kurds in Iraq. (Unpublished doctoral dissertation). Queens' University, Kingston, Canada, 2020.
2- Lemkin, Raphael. Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation, Analysis of Government, Proposals for Redress. Clark: The Lawbook Exchange, Ltd., 1933 [2005].
3- Salih, Genocide Culture, 2020
4- Corntassel, Jeff «Toward Sustainable Self-Determination: Rethinking the Contemporary Indigenous-Rights Discourse». Alternatives: Global, Local, Political. 2008, 33 (1): 105–132.
5- Ibid
6- Salih, Genocide Culture, 2020

7- Moses, A. Dirk. “Empire, Colony, Genocide” In: Empire, Colony, and Genocide: Conquest, Occupation and Subaltern Resistance in World History, ed. A. Dirk Moses, 3-54. New York: Berghahn Books, 2008.
8- United Nations Declaration on the Rights of Indigenous Peoples. 2007.https://www.un.org/development/desa/indigenouspeoples/wp content/uploads/sites/19/2018/11/UNDRIP_E_web.pdf. See also: United Nations High Commisioner for Human Rights .2006. “1994/45. Draft United Nations Declaration on the Rights of Indigenous People”.
http://pdba.georgetown.edu/IndigenousPeoples/UNdraft.html.
9- Charters, Claire. “The Rights of Indigenous Peoples.” New Zealand Law Journal (October 2006): 335–337. http://www.converge.org.nz/pma/cc001006.pdf
10- Ibid
11- Morsink, Johannes. “Cultural Genocide, the Universal Declaration, and Minority Rights”. Human Rights Quarterly. 1999, vol. 21, No. 4, pp. 1009- 1060.
12- Salih, Genocide Culture, 2020
13- Ibid
14- Woolford, Andrew. This Benevolent Experiment: Indigenous Boarding Schools, Genocide, and Redress in Canada and the United States. Winnipeg: University of Manitoba Press, 2015.
15- Gerstenblith, Patty. The Destruction of Cultural Heritage: A Crime against Property or a Crime against People? 15 J. Marshall Rev. Intel prop. L., 2016.
16- Lemkin, Axis Rule in Occupied Europe، 1933 [2005].
17- Short, Damien. “Cultural Genocide and Indigenous Peoples: A Sociological Approach.” The International Journal of Human Rights. 2010, vol 14, no. 6: 833-848. See also: Morsink, Johannes. Cultural Genocide, the Universal Declaration, and Minority Rights, 1999).
18- Vaglieri, Laura Veccia. “The patriarchal and Umayyad caliphates”. In The Cambridge History of Islam, Volume 1A. Cambridge University Press, 1977.
19- Salih, Genocide Culture, 2020.
20- Ibn al-Athir, Izz al-Din & Tornberg, Carolus Johannes. Al-Kamil fi ‹al-Tarikh (9 volume set) (Arabic). Beirut: Dar Sadir 1967; as-Sallabi, Ali Muhammad .2007. “Umar Ibn Al-Khattab His Life & Times” London: International Islamic Publishing. Vol. 2. https://archive.org/details/Umar-ibn-al-khattab-volume-2--visit--Alhamdulillah-library.blogspot.in.pdf/page/n249; Al-Tabari, Abu Ja’far Muhammad b. Jarir. Tarikh al- Tabari (Arabic) (The History of al- Tabari). Beirut: Dar Ibn Hazm, 2014.
21- Salih, Genocide Culture, 2020
22- Al-Huqail, Abdullah bin Hamad .2012. “Arabic language in the eyes of scientists, writers and orientalists”. Al-Jazirah. (Retrieved October 29-2018).http://www.al- jazirah.com/2012/20121227/cu7.htm.
23- Ibid.
24- Bourdieu, Pierre The Logic of Practice. Translated by Richard Nice. Cambridge: Polity Press, 1990.
25- Ibid
26- Salih, Kaziwa “Kurdish Linguicide in the “Saddamist” State”. Genocide Studies International. 2019, (13) 1, 34-5.
27- Talabany, Nouri. Arabization of the Kirkuk Region. Uppsala: Kurdistan Studies Press, 2001.
28- Salih, Genocide Culture, 2020.
29- Kahn, Margaret. Children of the Jinn: In Search of the Kurds and Their Country Paperback. New York: Seaview Books, 1980.
30- Leha online. “34 Iraqi zhaia rasas alakrad” 2003. Retrieved October 2018.
http://www.lahaonline.com/articles/view/5476.htm.
31- Salih, Genocide Culture, 2020.
32- Ibid.
33- Atarodi, Habibollah. Great Powers, Oil and the Kurds in Mosul: (Southern Kurdistan/Norther Iraq), 1910-1925. Lanham, MD: University Press of America, 2003.
34- Ibid
35- Al-Husri, Sati’ fi alwataniat walqawmiat . Beirut: dar aleilm lilmalayin, 1961. See also, Al-Husri, Al-Aruba Awalan [The Arabism First] (Beirut: Markaz Drasat Alwhda Alarabia, 1958).
36- Salih, Genocide Culture, 2020.
37- Al-Husri, The Arabism First 1958
38- Salih, Kaziwa, Instigation of Kurdish Cultural Genocide with Formation of Turkified-Arab Nationalism in Iraq”. Studies in Ethnicity and Nationalism (SEN). October 2020. (forthcoming).
39- Al-Husri, The Arabism First 1958
40- Atarodi, Great Powers, Oil and the Kurds in Mosul, 2003
41- Adeed، Dawish, Arab Nationalism in the Twentieth Century: From Triumph to Despair. Princeton: Princeton UP and Oxford UP, 2003.
42- Salih, Genocide Culture, 2020. See also: Salih, “Kurdish Linguicide in the “Saddamist 2019.
43- Nebez, Jemal. The Kurdish Language from Oral Tradition to Written Language. London: Western Kurdistan Association, 2005.
44- Salih, “Kurdish Linguicide in the “Saddamist” State”, 2019.
45- United Nations Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Appendix 4: Adopted by Resolution 260 (III) A of the United Nations General Assembly on 9 December 1948.
46- Yawer, Aziz. Altalim w fsol mn Tarix Altalim fi Khanaqin. Kurdistan: Hamdy Printing & Publishing cooperation, 2009.
47- Al-Husri, Sati’ fi alwataniat walqawmiat. Beirut: dar aleilm lilmalayin, 1961
48- Salih, Instigation of Kurdish Cultural Genocide,2020.

*. لە بەر ئەوەی سێ لێکۆڵینەوەم ( دوو لە سەر جینۆسایدی زمانەوانی و یەکێک لە سەر خوێندن و خوێندەوار بوونی کورد لە عێراقدا) بە ئینگلیزی بڵاوکردووەتەوە، لەوە زیاتر لە سەر زمان و خوێندن ناڵێم، خوازیارم ئەوانە ڕۆژێک وەربگێڕدرێن بۆ زمانی کوردی.